www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10:31 28-2-2006

# گومبەزی ئاڵتوونی شیعەکان و منارەی مزگەوتی سوننەکان، پەیڤیک بۆ دەسەڵاتی سیاسی کوردی ...

هێڤار- خالید قادر
رانیە

لە چەند رۆژی رابردوودا مەزاری هەردوو ئیمام (عەلی هادی و حەسەن عەسکەری) لە شاری سامەرا تەقێنرانەوە، تەقینەوەکەش بوە هۆی وێرانکردنی گومەزی ئاڵتونی مەزارگەکە.

ئەم رووداوە بەشێکە لە زنجیرەك کاری تیرۆرستی، کە لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراق، رۆژانە لەم وولاتەدا ئەنجام دەدرێت، بە تایبەتیش لە ناوچە پیرۆزەکانی شیعە و سەرانسەری عیراقیش بە گشتی، کە تیرۆرستە ئیسلامیە سوننیەکان، بە بیناوی مقاوەمە وە ئەنجامی دەدەن، تیبیدا جیا لە کاری رەشەکوژی، شیعەکانیش بە (ئاینی رافیزە) و کوردیش بە کافر و ئەمریکی ناو دەبەن.

مزگەوت کە لە ئاینی ئیسلامدا بە ماڵی خوا ناوی دەبرێت، بە پیرۆزترین شوێنێك دادەنرێت، کە موسڵمانان رۆژی 5 فەرز نوێژی تێدا دەکەن و هەموو رۆژانێکی هەینی ووتاری تێدا دەخوێندرێتەوە وسەرجەم مەراسیمە دینیەکانی تێیدا بە ئەنجام دەدەن، مزگەوت شوێنێکە کۆمەلێك پیرۆزی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە روکنێکی گەورەی ئیسلام دادەنرێت.

مزگەوت لە جۆری دروست کردنیدا، شێوەیەکی هاوبەشی هەیە و جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێواندا نیە، بە درێژایی مێژووی ئیسلامی و لە ناو هەموو مەزهەبە لێك جیاجاکانیئاینی ئیسلامدا. بە تایبەتیش لە ناو شیعە و سوننە، جیاوازیەك لە شێوەی مزگەوتەکاندا نیە.

گومبەز و منارە، دوو شتی هاوبەشن کە لە شێوەی دەرەوەی مزگەوتدا دەردەکەون، ئەم فۆرمەش رەگێکی مێژووی هەیە ودەگەرێتەوە بۆ سەرەتاکانی دروست کردنی پەرستگاو شوێنە پیرۆزەکان.

پیاو چاك و ئیمام و شیخەکان، لە ناو زۆرێك لە مەزهەب و رێچکەکانی تری ئاینی ئیسلامدا، مەزارو مەرقەدیان بۆ دروست دەکرێت، کە زۆر جار مەزاری ئەوانیش، بە گومەبزیك دەناسرێتەوە، ئەم نەریتە لە ناو سوننەکاندا هەیە، بە تایبەتیش لە ناو سۆفیەکان کە جیا لە (تەکیە و خانەقا) شوێنی (زیکر و تەهلیلەیان) مەزار و مەررقەدیان بۆ شیخەکانیان دروست کردوە، هەروەها بۆ زاناو پیاو چاکان هەمان نەریتیان زۆر گردۆتە بەر، مەزاریان بە پیرۆز دەزانریت و سەردان دەکرێت، وەك مەزاری (شیخ عەبدالقادری گەیلانی) لە بەغداو چەندان مەزاری شوینی تر.

لە ناو مەزهەبی شیعە کە بروایان بە مەرجەعیەت و 12 ئیمام هەیە، ئەم مەسەلەیە گرنگی زیاتری هەیە، ئەوان چەندین شوێنی پیرۆزیان لە (کەربەلا، نەجەف، سامرا) و ناوچەکانی تردا هەیە وەك مەزاری (ئیمام کازم و جەعفەری ێادق) لە بەغدا (حسن و حسین) لە کەربەلا و نەجەف (عەلی مهدی و حسن عسکری) لە سامرا و چەندان مەزار و مەرقەدی تر وەك ئیمام (عەلی رەزا) لە مشهد و مەزاری زین نەعابدین.... . هتد.

شیعەکان هەمیشە گرنگی زیاتر بە رەونەقی گومبەزەکان دەدەن هەتا رادەی بە زێر کردن. زۆر جار مەزاری ئەو ئیمامانە چەندان جار لە شیوەی مزگەوت گرنگیان زیاتر پێدراوە. سەردان و لانزاو پارانەوەی زۆر لە مزگەتەکان زیاتر بوە.

مەزاری ئیمام و پیاوچاکان پەیوندیەکی زۆری بە مێژوویی کۆنی ژیانی مرۆڤایەتی و ئاینە لێك جیاجیاکانەوە هەیە، بەڵام لە ناو ئاینی ئیسلامدا، بە تایبەتیش لە دوای کۆچی دوایی پێخەمبەر و شێوازێکی تازە بە خۆوە دەگرێت.

شیعە و سوننە، دوو مەزهەبی ئیسلامین، بەڵام کێشمە کێشمی نێوان ئەم دوو مەزهەبە، مێژوویەکی خوێناوی هەیە و بەدرێژایی رۆژگار، شیعە و سوننە، لە ململانی دابوون، هەر لە زەمانی (معاویە) و (زید) و دەرمان خواردکردنی (حسن) و سەربرینی (حوسێن) ەوە تا (سەفەوی) و (عوسمانیەکان) ، (عەلەوی) (وەهابیەکان) .... هتد جیاوازی نێوان ئەم دوو مەزهەبە لە زۆر خاڵدا دەردەکەوێت کە لێرەدا جێگای باس کردن نیە.

دەوڵەتی عێراق، جیا لە گەلی کورد کە هەڵگری شوناسی سوننەیە، ئەم دوو مەزهەبە واتە شیعە و سوننە دوو پێکهاتەی سەرەکین و شیعەکان زۆرینەن، بەڵام بە دێژایی مێژووی دەوڵەتی عیراق، سوونەکان دەسەڵاتی عیراقیان بە دەستەوە بوە، بە تایبەتیش لە سەردەمی بەعسیەکان کە لە تروپکی دڕندەیی دابوون بەرامبەر بە شیعەکان و جینۆساید و کیمابارن و ئەنفالی کوردەکان.

تەقینەوەی گومبەزی ئاڵتوونی مەزاری (عەلی مهدی) و (حەسەن عەسکەری) بەتایبەتیش (عەلی مهدی) کە لە سۆنگەی شیعەکانەوە بە (مهدی) چاوەروانکراو سەیری دەکرێت، ئاراستەیەکی تازەتری بەم ململانێیە داوە کە خۆی لە تەقاندنەوە مەزارگەکان و شوێنە پیرۆزەکانی تردا دیوەتەوە. بە تایبەتیش گومبەزی ئیمامەکان، کە دەماری مەزهەبی شیعەی پێوە گرێدراوە.

کورد ووتەنی (ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەوێت) ئەم کێشمەکیشم و ململانێیەش رەگی مێژووی قوڵی هەیە و پێشبینی زیاتر خەست بونەوەی لێدەکرێت و بەرەو ئایندەیەکی خوێناوی نێوانیان دەچن.

دەوڵەتی عێراق کە هەر لەسەرەتای دروست بونیەوە لەسەر پێکهاتەیەکی نا تەندروست و بنیات نراوە، ووڵاتێکە، بەشێکی زۆری کوردستانی، بە زۆر و زۆرداری و بی خواستنی گەلی کوردەوە پێوە لێکنراوە، لە خواری و عیراقیش عەقلیەتی خێڵەکی و بەدەویانەی عەرەب، بەردەوام خۆی تەنیوە، هەمیشە شەرانگیزی و ناسیۆنالیزمی شۆڤێنیانەی عەرەب، بە سوودوەگرتن لە گوتاری دینی و بە پشت بەستن بە ئاگر و ئاسن، درێژەی بە تەمەنی خۆی داوە و خۆی زیندو کردۆتەوە، بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراق و هەمان رەوت ئاراستەیەکی دی بە خۆیەوە دەگرێت، ئاراستەیەکی لاواز، کە دابەش دەبێت بەسەر ئینتیمای مەزهەبی بە شێوەیەکی تایبەتی.

لەو هەلومەرجە تازەیەی کە لە چەند ساڵی رابردوو ناوچەکەی گرتەوە، شیعەکان بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیاندا زەمینەیەکی گونجاویان بۆ رەخسا، توانیان لە چەند هەلبژاردنێکدا زۆرینەی دەنگ بە دەست بهێنن و ببنە گەورەترین کوتلەی دەسەڵات. بەڵام بوژانەوەی عەقلی خێڵەکی و دەمارگیری دینی و و روحی شەرانگیزی و راوو رووت و چەتەیی، لە لایەك و لە لایەکی تریش دەست تێوەردانی بەردەوانی ووڵاتە ئیقلیمیەکان، بە تایبەتیش، دەوڵەتی شیعەی ئێران و سەلەفیەتی توندرەوەی سوننە، کە بە تیرۆر و رەشەکوژی وفتوای جیهاد و سەربڕین دەدات، لە سەرووی هەموشیانەی سیاسەتی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکان، کە بە دووفاقیەت دەناسرێتەوە، خەرەندیکی نارۆشنی بە ئایندەی ئەم ووڵاتە بەخشیوە.

سیاسەتی كوردی بەداخەوە تا ئیستا نەیتوانیوە ئەم كێشمە كێشەی خواررووی عیراق، لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆی بقۆزێتەوە، كورد دەلێت (دوو سەر لە مەنجەلێكدا ناكولێت) بەلاَم وەك دەبینرێت ئەوەندەی كورد هەولَی یەكخستنەوەی مالَی عەرەب دەداتكە (پەنجا سەر لە مەنجەلێكدا بكولێنێت) هێندە نایەت ئاراستەیەكی روون تر بۆ ئایندەی ئەو بەشەی كوردستان بنیات بنی.

ئەگەر گومبەزی شیعەكان و منارەی سەننەكان لە خواررووی عیراق كرابێتە شوناسی كەرتە لێك جیاوازەكانی عەرەب، ئەوا لە كوردستان پێویستە مەسەلەی كەركوك و ئایندەی ناوچە بە عەرەب كراوەكان، داهاتی كوردستان، مافی جیابوونەوە و مافە نەتەوایەتی و دیموكراسیەكان، ببنە شوناسی كورد، پێویستە ئەم هەلومەرجی ئیستای عیراق بە شێوەیەك بقۆزرێتەوە كە كورد بتوانێت مەسەلە هەلپەسێردراوەكانی یەكلابكاتەوە.

پێوَیستە لە نێوان گومبەزو منارە، پەلە بكرێت لە نوسینی دەستووری كوردستان كە تێیدا، بە روونی مەسەلە جوگرافی و مێژوویی و نەتەوەیەكانی ئەم بەشەی كوردستان باس بكات، دەستورێك كە لەسەر بنەمای دیموكراتی و كومەلَگایەكی مەدەنی هاوچەرخ بنیات بنرێت، كە تێیدا رێز لە بەهاكانی تاكی كوردی
بگیریت و وەك هەوێنێك بۆ سەربەخۆیی و دەولَەتی كوردی سەیری بكرێت.

.